دانوستانی عێراق و تورکیا لە بەغدا بۆ پتەوکردنی هاریکاریی دادوەری و یاساییدا

ئەمڕۆ یەکشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، دادوەر فایق زەیدان، لەگەڵ هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا کۆبووەوە و تاوتوێی هاوکارییەکان لەسەر کۆمەڵێک بابەتی هاوبەشی دادوەری و یاسایی کرد.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، لە ڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی موتەڵیع کەوتووە، تیایدا هاتووە : دادوەر "فائق زێدان"سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری، پێشوازی لە "هاکان فیدان"وەزیری دەرەوەی تورکیا و شاندی یاوەریکرد.

وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە : هەردوولا هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتیان لە ژمارەیەک پرسی دادوەری و یاسایی هاوبەشدا تاوتوێکرد.